# شكانى پيّكى تەنيايى

وەرە ئەى نازەنين
تەقەللاى هيچ هێزێك
پێكى تەنياييم ناشكێنێ
هەزاران جار ئەستێرەكان
بە شەوگاردا
جريوەيان ئەنارد بۆلام
نەيانتوانى چۆك بە تەنياييم دابدەن
هەموو رۆژێك
شەپۆلەكان
هاژەيان رووت دەكردەوەو
دەيانناردە ژوورى تەنيايى ى منەوە
بەو ئومێدەى
پێكى تەنياييم بشكێنن
كەچى هەروا بێ باكانە
لە خۆمدا ئەبووم
بە وشەو
لە تۆدا
ئەبووم بە شيعر
من ئەزانم
دەنگى شكانى تەنياييم
لەگەڵ دەنگى پێيەكانتا
دەست پێ دەكات
بێ هودەيە
گوێ گرتن لەو سەمفۆنيايەى
تەعبيير لە دەنگى تۆ نەكات
بێ بايەخە
تێڕامان لەو تريفەيەى
ڕوخسارى تۆم پيشان نەدات

**توخوا وەرە**

**با دڵی شیعرم نەرەنجێ**

**مەجازی ووشەم تێك مەدە**

**وەرەو ئاوڕێك**

**لەم تەنیاییەم بدەرەوە**

**ئومید علی فتاح**

**زانکۆی صلاح الدین**

**هەولێر_باشوری کوردستان**